www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:16 29-5-2006

## ئەو شارەی کە یەکێتی لەسەداسەد لە هەڵبژاردندا دەنگی تێدا بەدەست هێنا.. ! ... م. حەمید عەزیز

ئەو شارەی کە یەکێتی سەد لە سەدی دەنگەکانی تێدا بەدەست هێنا لەکاتی دەنگداندا بەتایبەت ساڵی 1992 شارە قارەمان و ئازاکەی کەلار بوو. بەڵام... ئەو بەڵامە زۆر بەڵامێکی گرنگە لەناوەڕاستی ووتارەکەدا وەڵامی ئەو بەڵامە ئەدەمەوە. هەر لەبەر ئەو ئازایەتی و پیاوەتی یە ی خەڵکەکەیەتی کە نالێیم شارۆچکەی کەلار چونکە بەڕاستی کەلارو خەڵکەکەی نەک شارێکی هاکەزایش بەڵکو لەدیدی منەوە ئەبێت پارێزگایەکی سەربەخۆی فیدراڵی ناو بێت ئەگەر پێی ڕەواببینرێت. کەلارو ڕۆڵەکانی ئیسپاتیان کرد کە خەڵکی ئازادی خوازن و زوڵم و گەندەڵی نابێتە گووڵی سەر مێزی خیانەتیان. چونکە مرۆڤی گەرمیانی و بەتایبەت سومبولی هەناسەی سەربەستی کە شاری کەلارە فێری سەرشۆڕی نەبوون. ئەم شارە قارەمانەی تینووی هەنگاوەکانی ژیان و سەربەستی یە هەردەم سەربەرز بووەو بەخوێنی ڕۆڵەکانی و فیداکاری یەکانی خەڵکەکەی لەشۆڕشی ئەیلول و گوڵانداو بەتایبەت لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بەڕابەرایەتی کۆمەڵەو چەند ڕابەرێکی شۆڕشگێڕو ڕۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەو پێنوسی وەک: کاک ئارام، خاڵە شەهاب (شیهاب) ، شێخ جەعفەر و.. هتد. بۆیە هەمیشە ئەم شارە سەرتۆپکی شۆڕشەکان و دەنگەکان و خۆپیشاندانەکان بووە، چونکە هەر لەدایک بوونی یەوە بەئازادی مێژوویەکی کەڵی مەردایەتی لێدروست بووە، هەربۆیە لەهیچ کات و شوێنێکدا خەڵکەکەی زوڵم و ستەمیان قبوڵ نەبووە و هەتا زوڵم هەبووبێ لاوان و پیری ئەم دەڤەرە پێشمەرگەبوون و هەتا گەندەڵی و چەواشەییش هەبێ کەلار دڕکە بۆ چاوی دوژمن و ئەو دەسەڵاتە سەقەتەی کەخەو تەنها بە بەکورسی و پارەوە دەبینن و نمونەی گەندەڵ و مشەخۆرن.

لێرەدا وەڵامی بەڵامەکەم ئەدەمەوە و ئەڵێم: بەڵام ئەم شارە کۆیلەی دەسەڵاتی کوردیش نابێت وەک و بۆ دوژمنانیش چقڵی چاو بوو بەڵام مخابن ڕەنج و تێکۆشانی ئەم میللەتەیان لەبەرچاو نەگرت، چونکە ئێستا بەهێندەی جاران ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نی یە لەنەهامەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و کەلەپچەی دەمەکان و بێ بەرێتی لە سادەترین ماف و ژیان و.. هتد. هەربۆیە هەموو ڕۆژێ ڕۆڵە قارەمان و چاونەترسەکانی ئەم شارە خۆپیشاندان و مانگرتن و بەهەموو جۆرێک شۆڕشی مەدەنی و مۆدێرنی یەت دەکەنە ئاڵایەکی شەکاوەو لەسەر سەریان دادەنێن. هەر بۆیە سەربڵندو لەسبەینێی مێژودا ئەوان سەرتۆپک و ناودارو سومبول دەبن لەلاپەڕە جوانەکانی چیرۆکی شۆڕشدا لە کتێبخانەی کوردەواری و هونەرو بەرخۆداندا.

ئەوەی کەگرنگەو بابەت و وتارەکەیشی پێوە بەندە ئەوەیە کە (بۆچی یەکێتی لەم شارە لەسەداسەد دەنگی هێنابێ لەهەڵبژاردندا... ؟ بەڵام ئێستا هەموو ڕۆژێ دەنگی ناڕەزایی و برسێتی و نایەکسانی و زوڵم ئەگاتە ئاسمان. ئەمە پرسیارێکی زۆر سادەو سانایە و ئەگەر دەسەڵاتێ خۆی بە میرو ئاغای ناوچەکە بزانێ ئەبێ ئەم پرسیارەی لەخۆی کردبێ.. !. بەداخەوە پێویستە پارتەکان بزانن پێداویستی خەڵکی چی یە و چۆن دەڕوات بەڕێوە بۆئەوەی کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێ و خەڵکی لەخۆیان ڕازی کەن بەڵام بەداخەوە ئێستا لێپرسراوان و دەسەڵاتی کوردی لەناوچەکە بەهیچ شێوەیەک بیری خەڵکیان نی یە و نایان پەرژێتە سەر خەڵکی بەڵام کەئیشیان بەخەڵک هەبوو ئینجا دەست دەکەن بەمەرایی و پڕوپاگەندە و درۆکردن. زۆر ئاسانە هەرحیزبێک یان هەر میری یەک بیەوێ چاکسازی بکات، بەڵام لەلای ئێمە بەتەمای چاکسازی نەبین چونکە... ! وەڵامی ئەو چونکەیەش لەدوو سێ دێڕی تردا ئەنوسم. وولاتانی دنیا لەوەدا نەماون خەریکی خزمەتگوزاری و یارمەتی بن چونکە هەموو شتێک ڕێکخراوە و دڵنیا بووە ژیانی خۆیان و میللەتیان وەک و سەعات ئەڕوات بەڕێوە و ئەوەی هاوڵاتی یە و ئەوەیشی پەناهەندەیە ماف و ژیانی هەیەو وەک ماڵ و پارەی مانگانە کەبێکاریش بیت وەهەروەها

نەخۆشخانەش بەخۆڕایی یە کە ئەگەر مرۆڤ بێکار بێت، بێجگە لەوەی لەهیچ مافێک بێبەش نین و بیر لەوە دەکەنەوە کە زەمینێکی ترو شوێنێکی تر هەبێت بیدۆزنەوە بۆ حەسانەوەی میللەتەکەیان. بالێرەدا وەڵامی ئەو چونکەیە بدەمەوە کەلە سێ دێڕی پێشودا باسمان کرد... بۆ وەڵامی چونکەکە ئەڵێم: (لەبەرئەوەی دوو پارتەکەی کوردستان هەر خەریکی شەڕی ناوخۆبوون. بەڵام ئەم شەڕەیان بە چەکێکە لە تفەنگ و شمشێر ترسناکترە، ئەویش شەڕی سەنگەر گواستنەوەیە.. بۆنمونە یەکێتی چاکسازی و لێپرسینەوە بکات لەگەڵ لێپرسراوێکیدا، لەبەرئەوەی تاوانبارو پاشەڵ پیسە بۆ سبەینێ کابرای لێپرسراو لەناو پارتی تۆز دەکات وە هەروەها پارتیش ئەگەر لە لێپرسراوێکی گەندەڵی بپرسێتەوە ئەوە بۆ بەیانی بەخزم و کەسەوە لەناو یەکێتی ئاغایەو پلەی گەورەتری دەدرێتێ. جابەو شێوەیە وولات ئەچێ بەڕێوە کەهەرگیز چاکسازی نەبینێ بەخۆیەوە.. ؟. وەک هەمیشە ووتومە و ئەیڵێم: (بوون بەباوک ئاسانە، بەڵام باوکایەتی گرانە) . ئەم هاوکێشەیە بۆئەم بابەتە پڕ بەپێستێتی، چونکە بوون بەدەسەڵات و میری هێندەی بەڕێوەبردنی گران نی یە، چونکە دەتوانی بەهێز یان سەروەت یان کودەتایەکی سەربازی شاد بیت بەدەسەڵات و ببیتە میری و دەسەڵات لەشوێنێکدا یان لەناوچەیەکدا، بەڵام بەڕێوە بردنی ناوچەکە بەشێوەی سەردەم و یەکسانی، ئەوە سەنگی مەحەکی باشی یان خراپی دەسەڵاتە نەک هاتنە سەر حوکمەکەی چونکە پرۆلیتاری دیکتاتۆرمان هەیە وەک و ئەمانەی لەمەڕ ئێمە کەخۆیان برسی و ڕوت وقوت بوون و ژیانیان لەسەر لادێکان بوو بەخۆیان دەگووت پرۆلیتار بەڵام ئەمڕۆ بوون بەپڕۆلیتاری دیکتاتۆر. زۆر جاریش دەنگی دەهۆڵەکەی دەسەڵات لەدورەوە خۆشە بۆ نمونە: چۆن ئەو عەرەبانەی فەلەستین و ئوردن و یەمەن و سۆماڵی یەکان... هتد. بەدەنگی دەهۆڵەکەی سەدام شاد بووبون چونکە سەدام هەمیشە ئەیووت: من خەبات دەکەم بۆ ئێوەی عارەب کەڕزگارتان کەم لەچنگی ئیستیعمار، کوردیش واتێگەیشتبوو کەهەموو بەرهەڵستکاران و پارتە کوردی یەکان شۆڕشگێڕن و دەبن بەمامۆستای دیموکراتی بۆ ئەوگەلە ستەم دیدەیە. ئەبێ یەکێتیش بیر لەوەبکاتەوە کە بۆ ئەمڕۆ بەرەو نەمان و لەت بوون دەڕوات و خەڵکی متمانەی لەدەست داوەو کار بەرەو خراپی دەروات، چونکە بۆ تاکو دوێنێ شارێکی زەحمەتکێشی وەکو کەلار لەسەدا سەد دەنگ بدات بە یەکێتی بەڵام ئەمڕۆ لەبەر نایاسایی و نایەکسانی و گەندەڵی بتەقێتەوە بەڕویدا، ئەمە بۆخۆی پرسیارەو پێویستە لێپرسراوانی یەکێتی ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن تاکو ئەو میللەتە هەژارە نەدۆڕێنن و خوێن و هیلاک بوونی هەزاران ڕەنجدەرو شەهید بەفیڕۆ نەدەن و ئەو میللەتەش ئاسودەبێت چونکە لەمێژە هیلاکو نەحەساوەیە.

M_Hamidaziz@hotmail. com